له لاپەڕەی فەیسبوکی بەختیاری شەمەیی یەوە:

روانگەکان لەسەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان

١
پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان:

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و دەوڵەتداری، مافی رەوای خۆمانە، درەنگ یان زوو، هەر دەبێت دروستی بکەین.
پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، پرسی تاکە کەسێك و تاکە لایەنێك و تاکە بنەماڵەیەك یان تاکە هۆز و تاکە دەڤەرێك نییە، ئەوە پرسێکی رەوا و چارەنووسسازی نەتەوە و نیشتمانێکە، بێگومان ئەم ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییە پیرۆزە، بێ هەڵاواردنی هیچ کەس و لایەنێك، ئەرك و فەرمان و بەرپرسیارێتیی هەمووومانە، بەڵام ئازایەتی و دڵسۆزی و لێهاتوویی و لەخۆبووردوویی و تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی هەموو کوردی دەوێت.
هەروەها دەوڵەت دروستکردن توانا و مەرج و پێداویستیی تایبەتیی خۆی هەیە، مەخابن ئێمەی کوردانی باشوور، ئێستا لە تەنگەژە و بارودۆخێکی سەخت و دژواردایین و لە تواناماندا نییە و هیچ مەرجێکی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی خۆمانمان تێدا نییە. بەڵام نابێت رەشبین و نائومێد بین، دەبێت بەردەوام لەبەرنامەماندا بێت و کاری بۆ بکەین و هەوڵی بۆ بدەین.
چ کەس و لایەنێکیش، ئێستا یان لە داهاتوودا دەیەوێت و بە کاروکردەوە لە توانایدا هەیە دەوڵەتمان بۆ دروست بکات، با بفەرمووێت، هەموومان بە دڵ و بە گیان و بە سەروماڵەوە لەگەڵیداین و پشتوپەنایین.

٢
سەرکردە و دەوڵەت:

بە بەراورد لەگەڵ سەرکردەکانی رابردوودا، وەکو، نەمران: بەدرخان و میری سۆران و شێخ مەحموود و قازی محەمەد، کە بەو بێ هێزی و کەمتواناییەوە، لەو هەلومەرجە سەخت و نالەبارەی ئەو سەردەمانەدا، توانیان دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن و بەرێکوپێکیش بەڕێوەی بەرن، ئەمانەی ئێستا، تەنها هەر سەرکردەی حیزبین و هەر دڵسۆزی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن و ئەو دڵسۆزی و ئازایەتییەیان تێدا نییە کە بوێرن دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن. ئەوە ٢٥ ساڵە وڵاتێکی دەوڵەمەند و ئازادکراو کەوتۆتە بەردەستیان، کەچی نەیانتوانیوە یەك هەنگاو بەرەو دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بۆ پێشەوە بچن، تەنها هەر بۆ پاراستنی کورسی و دەسەڵات و بەردەوام بوونی خۆشگوزەرانیی ژیانی خۆیان کات بەسەردەبەن و هیچیترا؟

٣
چەك و دەوڵەت:

چەكداركردنی چەند لایەنێكی دەسەڵاتداری كوردستان، نیشانەی دروست بوونی دەوڵەتی كوردی نییە. دەوڵەت هەر بە چەک دروست ناكرێت، چەک و هەموو ئامرازەكانی بەرگری و سەربازی، زۆر گرنگ و پێویستن بۆ بەرگری لەخۆكردن و ئاشتی و ئاسایشی وڵات، بەڵام چەك هەموو شتێك نییە.
بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی ئێمەی كورد كە خاوەنی سوپایەكی نیشتمانیی راهێنراو و پەروەردەكراو نین، دەبووایە لە ماوەی ئەم ٢٤ ساڵەی ئازادی و خۆبەڕوەبردنەی باشووری كوردستاندا ، هیچ نەبوویایە بەو بوودجە تۆكمەیەی كە هاتە دەستی ئەو لایەنە دەسەڵاتدارانەوە، چەند كارگە و پرۆژەی بەرهەمهێنەری نیشتمانیی دابمەزرێنرانایە و تەنگژەی هاوردەكردنی هەموو پێداویستییەكانمان لە دەرەوەڕا چارەسەر بكردایە و ئەو لەشكرە بێ كارەی كە ئەمڕۆ لە كوردستاندا هەیە، بكرایە بە لەشكرێكی چالاک و بەرهەمهێنەر. لەم ٢٤ ساڵەدا، دەسەڵاتداران و پارتە دەسەڵاتدارەكانمان، جگە لە هاوردەكردنی ئۆتۆمبێل و ئامرازە كارەبایی و ئەلەكترۆنییەكان و خۆراك و خواردنەوەی خراپ و ماوەبەسەرچووی وڵاتانی ناوچەكە، جگە لە مۆڵ و هۆتێل و باڵەخانە دروستكردن، جگە لە خۆسەرمایەداركردن و رابواردن و خۆشگوزەرانیی خۆیان، ئیتر بیریان لە هیچ پرۆژەیەكی بەرهەمهێنان و گەشاندنەوەی ئابووریی نیشتمانی نەكردەوە. ئەو رێژە كەمە بەرهەمە كشتوكاڵییە ناوخۆییەی كە هەشبوو، ئەوەشیان نەهێشت و زۆربەی كرێكاران و جووتیارانیان كرد بە خانەنشین و مووچەخۆر و مووفتەخۆری بێ بەرهەم. لە هەموو باشووری كوردستاندا ٢٤ كارگەی تێدا نییە كە بەرهەمهێنەر بێت و بەشێک لە پێداویستییەكانی ژیانی كۆمەڵگە دەستەبەر و مسۆگەر بكات، جگە لەم كێشە گرنگە چارەسەرنەكراوانەش، زۆربەی شوێنە گشتییەكانی گەشتیاریی وڵات، كۆمپانیا بێگانەكان بەڕێوەی دەبەن. هەتا ئێستا نە لەشكری نیشتمانیمان هەیە و نە بەرهەمی خۆماڵیی نیشتمانیمان هەیە و نە سیستمی بانكی نیشتمانیمان هەیە و نە ئابووری و كشتوكێڵی نیشتمانیمان هەیە، ئیتر دەوڵەت، چۆن و بەچی دروست بكەین و چۆن بەڕێوەی بەرین و چۆن بیپارێزین!؟

٤
كێن ئەوانەی كە دەتوانن دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی رابگەیەنن!؟

- ئایا شەرمەزاری نییە بۆ ئێمەی كورد كە زۆرتر لە ٤٠ میلیۆن مرۆڤین، داوای سەربەخۆیی و ئازادی و مافە رەواكانی خۆمان لە دەوڵەتێك و میللەتێكی دیكە بكەین!؟ ئەی خۆمان چین و چ كارەین، بۆچی ناوێرین و ناتوانین دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان رابگەیەنن، خۆ هیچ كەس و لایەنێك و دەوڵەتێكی بێگانە دەستی نەگرتوین!؟ راستە، چەند دەوڵەتێک دوژمنمانن، بەڵام خۆ نابێت و ناكرێت هەتا هەتایە هەر چاوەڕوانی چرای سەوزی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت بكەین!؟

- دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، خەون نییە و کارێکی نەکردەنیش نییە، بەڵام بە پلان و بەرنامەی ژیرمەندانە و ریالیستانە پێکدەهێنرێت و پێویستی سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەری ئازا و دڵسۆز و لەخۆبووردوو هەیە.
- ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی سەرکردە و سەرکردایەتییەکی ژیر و ئازا و دڵسۆز و لەخۆبووردوو بووایە، لەو چل ملیۆن کوردە، تەنها یەک ملیۆنی بەس بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتێک بە یەک ملیۆن مرۆڤ دروست نەکرێت، بە چل ملیۆنیش دروست ناکرێت.

٥
ئایا دەوڵەت و یاسا و دادگە بۆ باشووری کوردستان پێویستن!؟

ئاشکرایە ئەو دەسەڵاتدارێتی و فەرمانڕەوایەتی و هێزە رامیاری و چەکداری و کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانیانەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا هەن، بۆ بەرپرسانی دەسەڵات و بۆ بەرپرسانی هێزە رامیارییە دەسەڵاتدارەکان سەروزیادیەتی. بەرپرسانی سیاسی، میللەتێکی دواکەوتوو و گێڕایەڵ و وڵاتێکی ئازادکراو و دەوڵەمەندنان لەبەردەستدایە. بەئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکەن. سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی و ناردەی دەرەوە دەکەن و دەیفرۆشن. هەرشتێک لە بەرژەوەندیاندا بێت لە دەرەوەی کوردستان هاوردەی دەکەن و هەر خۆیشیان باڵادەستن بەسەر بازرگانی و بازاڕ و نرخ و هەرزانی و گرانیی شتومەک و کەرەستە هاوردەکاندا. لەهەمان کاتیشدا هاوبەش و هاوپشکن لەگەڵ هەموو بارزرگان و سەرمایەدارە گەورەکاندا. هەر کەس و کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنێکیش لەگەڵیاندا نەبێت، لەدەرەوەی بازنەی گرنگی و بایەخ و بەرژەوەوەندییەکانی ئەواندایە، یان ئاشکراتر بڵێین: نەیار و دوژمنە. بۆ نموونە، زۆر رکوکینەدارن بەرامبەر زۆربەیەتیی کورد و کوردستانیانی هەندەران، جگە لەو کەس و لایەنانەی کە سەر بە ئەوانن و گوێڕایەڵیانن. چونکە ئەم هاونیشتمانییە دوورە دەستانە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداریان نین و کۆمەڵە کەسان و لایەنێکی ئازاد و سەربەخۆن. بەڵام لەناو وڵاتدا، کێیان بەدڵ نەبێت، یان دەمکوتی دەکەن، یان زیندانی و ئەگەر پێویستیش بکات ئەشکەنجە و تێرۆری دەکەن. پاشان بە سیناریۆ و شانۆگەریەکی یاسایی، دیزەبەدەرخوونەی دەکەن. با رەخنەگران و بەرهەڵستکارانیش لەدەرەوی دەسەڵاتی ئەوانەوە هەر رەخنە بگرن و لاپەڕە رەش بکەنەوە، ئەمان هیچ گوێیان لەو رەخنانە نییە و هیچ بایەخ و گرنگییەکی پێنادەن، چونکە دڵنیان بۆیان لواوە و بۆیان دەچێتەسەر، چی لە بەرژەوەندییاندا بێت، هەر ئەوە دەکەن. نە یاسا هەیە و نە یاساش سەروەرە. خۆیان بکوژ و پارێزەر و دادوەر و دادگە و فەرماندەر و هەموو بڕیاردەرێکن. ئەمە بۆ ئەمان لە دەوڵەت و سەربەخۆیی باشترە. ئەگەر باشووری کوردستان دەوڵەت بووایە، دەبووایە وەکو ئەندامێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، واژۆی هەموو ئەو یاسا و ڕێسا و پرینسیپانەیان بکردایە کە پێویست بوو ئەنجامی بدەن. دەبووایە هەمیشە پابەند بوونایە بە یاسا و رێنماییەکانی ئەو ڕێکخراوە و بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە. ئەوان ئەمەیان ناوێت و لە بەرژەوەندییاندا نییە. ئاشکرایە

ئەمە دەسەڵات و بازرگانی و پێوەندی و بەرژەوەندییەکانیان سنووردار دەکات. ئێستا بە فەرمی میللەت و وڵاتێکیان لەبەردەستدایە و بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت وا دەڵێن و وا دەنووسن و وا دەکەن. هیچ کەس و لایەنێکی ناوخۆیی و دەرەکی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات. بە ئارەزووی خۆیان بە ئازادانە گەشتی هەر شوێنێک پێویست بێت دەیکەن و لە هەموو شوێنێکیش پێشوازیی گەرمیان لێدەکرێت. لە ئاستە جیاوازەکاندا هەموویان وەکو ئاغا و بەگ و میر و پاشا و سکرتێر و سەرۆک و دەسەڵاتدار هەڵسوکەوت دەکەن و بە خۆشگوزەرانی ژیان بەسەر دەبەن. لەشکرێک پاسەوان و پێشخزمەت و نووسەر و رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاری گوێڕایەڵیان لەبەردەستدایە و ئەمانە بە دڵسۆزییەوە کاریان بۆ دەکەن و لەخزمەتیاندان. هەموو رادیۆ و کەناڵە تیڤییەکان و گۆڤار و رۆژنامەکانیش هەر سەر بەمانن و ئەمان دروستیان کردون و دەیانژێینن و بە ناچاری هەر دەبێت لە خزمەتی ئەماندابن. چونکە لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەماندا، میدیا و راگەیاندنی بێلایەن و ئازاد و سەربەخۆ، بوونی نییە. ئەم بەرپرسە سیاسییە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانە، لەڕووی ئاستی ژیانەوە، لە هەموو هاونیشتمانییەکیتر باڵاتر و لەپێشترن. لەڕووی رابواردن و خۆشگوزەرانی و دەسەڵات و سەرمایەدارێتیشەوە، لە هیچ شتێکیان کەم نییە. ئیتر چیتریان بوێت، دەوڵەتی کوردی و کوردستانی چیتر بۆ ئەمان دەکات؟. هەربۆیە ئەوەی بەلایانەوە پێویست و گرنگ نەبێت، دەوڵەتی کوردی و کوردستانییە!؟

٦
دەوڵەتمان بۆچییە!؟

- با پێش ئەوەی بیر لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکەینەوە، با بە رابووردووی خۆماندا بچینەوە و بیرکردنەوە و ژیانی خۆمان بگۆڕین و چاکی بکەین.
- با پێش ئەوەی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین، خراپترین و دوواکەوتووترین و زیانمەنترین دیاردەی دروستکراو نامۆی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگەکەمان چارەسەر بکەین کە ئەوانەش، ئیسلامچێتی و ئیخوانچیتی و تەعریبچیێتیین کە باند و گروپ و کەسە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان نوێنەرایەتییان دەکەن.
- با پێش ئەوەی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین، لەشکرێکی نیشتمانیی پێشکەوتوو و پەروەردەکراو و تەیار و چەکدار دروست بکەین تا بتوانین ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەمان بپارێزین.
- با پێش دروستکردنی دەوڵەت، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و شارستانییانە پێکبهێنین کە کچان و ژنانی کورد و کوردستان تێیدا ئازار و ئەشکەنجە نەدرێن و زیندانی نەکرێن و نەسووتێنرێن و خۆیان نەسووتێنن و تێرۆری کەسایەتی و جەستەیانی تێدا نەکرێت. با کۆمەڵگەیەک دروست بکەین کە ئازادییە دیۆمکراتییەکان و ئازادییە تاکەکەسییەکانی تێدا پێڕەو بکرێن، با یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا سەروەر بێت.
ئێمەی کوردی باشوور ئەوە ٢٥ ساڵە رێکەوتی مێژوو، دەرفەتێکی مێژوویی زێڕینی بۆ هێنایە پێشەوە کە بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنین ئێمەیش نەتەوەین

و شایستەی ئازادی و هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانین، بەڵام مەخابن لەو ئەزموونەدا سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنا و بووین بە خاوەنی خراپترین و گەندەڵترین سیستمی خراپی خۆبەڕێوەبردن. ئەگەر لەماوەی ئەم ٢٥ ساڵە ٣ نەوەی پێشکەوتوو و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرمان پەروەردە بکردایە، ئێستا دەمانتوانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان رابگەیەنین، بێگومان دەوڵەت هەر بە بڕیاری ئەم و ئەو دروست نابێت، دەبێت کەرەستەکان و توخمەکانی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتەمان هەبێت، ئەگەر ئێمە بمانتوانییایە خۆمان بکردایە بە خاوەنی ئەو کەرەستە و توخمانە، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیشمان رابگەیاندایە، خۆ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق ناتوانن، لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جیهانگیرییەدا بە بە بەچاوی هەموو مرۆڤایەتییەوە ٥ میلۆن کوردی باشوور کۆمەڵکوژیی بکەن!؟
ئێمە دەوڵەتمان بۆچییە، مەگەر ئەوە ٢٥ ساڵە بە کردەوە ئازاد نین و خۆمان بەڕێوە نابەین و نیمچە سەربەخۆ نین! ئەی چی مان کرد؟ بووینە خاوەنی چەند هەزار میلۆنێر و ملیاردەرێک، بووینە خاوەنی هەزاران هەزار فەرمانبەری مووچەخۆری بێ بەرهەم، بووینە خاوەنی چەند نەوەیەکی دوواکەوتوو و بێ هەست و هۆشی نەتەیەپەروەری و نیشتمانپەروەری، بووینە خاوەنی چەند پارت و بنەماڵەیەکی ملیاردێر و فەرمانکار و زۆردار، بووینە خاوەنی سەرزەمینێکی بێ کشتوکاڵ و بێ بنەمای ئابووریی نەتەوەیی و نیشتمانی، بووینە خاوەنی هەزاران هەزار خانەنشینی بێ رابردوو و بێ بەرهەم، بووینە خاوەنی لەشکرێک لە مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگواز و فەقێ و خوێندکاری ئایینیی تەعریبچی و دژ و دوژمن بە هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان، ئەم لەشکرە رەشە دواکەوتووە پووچپەرستە، هەر هەموویان دژ و دوژمنی پێشکەوتن و شارستانێتین،دژی مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیبن، دژی ئاڵای کوردستانن، دژی جلوبەرگی جوان و رەسەنی کوردەوارین، دژی مەلەوانگە و سەماگە و شانۆ و وەرزش و تەنانەت وێنەگرتنیش!؟ ئەمە بارودۆخیی راستی و ریالیستانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمانە!؟
باشە، ئەگەر دەوڵەتی کوردی هەر وەکو ئەم ئەزموونەی ئەم ٢٥ساڵەمان بێت و هەر ئەم پارت و سیاسەتپیشە و دەموچاوانەبن هەر ئەمان دیسان بەڕێوەمان ببەنەوە و وەکو رابووردوو لەو دەوڵەتە سوودمەند ببنەوە، ئیتر ئەو دەوڵەتە کوردییە دەبێتە شتێکی نامۆ و زیادەیە و میللەتی کورد ئەو دەوڵەتەی بۆچییە!؟

٧
بانگەشەی دەوڵەتی کوردی، بانێك و دوو هەوا!؟

ئەگەر دەوڵەتە گەورەهێزەکانی جیهان، بەرژەوەندییان لە دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا هەبووایە، هەموو کاتێك، کاتی پشتیوانی کردن بوو لە پرسی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، پێویستیشیان بەوەش نەدەبوو پرس بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بکەن و خۆیان راستەوخۆ دەیانتوانی و دەتوانن پشتیوانییان لە دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکردایە و بکەن!؟

هەموو کورد و کوردستانییەکی ڕێزلەخۆگرتوو، بەسەر و ماڵ و گیانەوە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستاندان.
لە ساڵانی پەنجاکانەوە، نەتەوەییە سەربەخۆییخوازەکانی کورد بانگەشە و باسی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و لەلایەن پارتەکانی دیکەوە دژایەتی و دوژمنایەتییان کراوە، شایانی وتنە کە لە بەرنامەی ژێکاف و کاژیك و پاسۆك دا بە روون و ئاشکرایی باسی مافی دەوڵەتداری و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کراوە، لە کاتێکدا لە بەرنامەی هیچ یەکێ لە پارتەکانی دیکەدا، جگە لە ئۆتۆنۆمی و هەندێك جار مافی چارەی خۆنووسین، کە روون و ئاشکرا نییە، مەبەستیان لە مافی چارەی خۆنووسین چی بووە و چییە، ئیتر بە هیچ شێوەیەك ناوی دەوڵەتی کوردییان نەبردووە!؟ بەڵام لێرەدا سەیروسەمەرەکە ئەوەیە کە بێگانەیەك دووراودوور، یان بۆ مەبەستی سیاسی یان بۆ هوروژاندنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لێمان، باسێك لە دەوڵەتی کوردی دەکات، هەندێك لە راگەیاندنەکان دەڵێی هەنگوینیان لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە و بێگانەکە بە گەردبینی خەیاڵی گەورە دەکەن و لێمان دەکەن بە فریشتەی دەوڵەتی کوردی و فریاڕەسی کوردا!؟
بۆ مێژوو: بیرۆکەی مافی رەوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، دوای هۆزانڤانانی نەمر، (ئەحمەدی خانی و حاجی قاداری کۆیی)، تەنها هەر رێکخستنە سیاسییەکانی (ژێکاف و کاژیك و پاسۆك) ئاڵاهەڵگری بوون.

٨
بوودجە و دەوڵەتی کوردی:

هەتا لە بەغداوە بەشە بوودجەی کوردستان دەنێردرا و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە هاوبەشی دەیانخوارد، هیچ کەس و لایەنێك باسی ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردییان نەدەکرد، دوای بڕانی بوودجە، وەکو کارتێکی فشار بۆسەر بەغدا، تاکتیکی دەوڵەتی کوردییان بیرکەوتەوە، ئێمەش دەڵێین بەڵکو خوایە بڕانی بوودجە خێری پڕوە بێت و دەوڵەتە کوردییەکە ببێتە راستتیەکی بینراو، وەك دەڵێن: کەس نازانێت خێر لە چیدایە!؟
دەی هەمووان چاوەڕوانین، بۆچی راناگەیەندرێت، خۆ کەس دەستی کەسی نەگرتووە!؟

٩
پارتی و بانگەشەی دەوڵەتی کوردی:

- دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، مافێکی سروشتی و رەوای نەتەوەی کوردە.
- دەوڵەتی کوردی، خەون و هیوا و ئاواتی لەمێژینەی هەموو نەتەوەی کوردە.
- کورد لە کوردستان و لە سەرانسەری جیهاندا، بە سەروماڵ و گیان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدان.
ماوەیەکە راگەیاندنەکانی پارتی، یەکێتی و گۆران بە دژایەتی کردن و دوژمنایەتی

کردنی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی تۆمەتبار و تاوانبار دەکەن، با وای دابنێین پارتی راست دەکات، یەکێتی و گۆڕان دروست بوونی دەوڵەتی کوردییان ناوێت و دەڤەری سەوز هەرێمێکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە!؟
کەواتە با لە پارتی بپرسین: دەی ئەگەر ئێوە راست دەکەن و دەڤەری زەرد هەرێمێکی دەوڵەتی تورکیا نییە، دەی ئەگەر بانگاشەی دەوڵەتی کوردی هەر بۆ فشاری وەرگرتنەوەی بەشە بوودجەی بەغدا و هەڵمەتێکی میدایی نییە بۆ دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کردنی یەکێتی و گۆڕان، خۆ نە یەکێتی و نە گۆڕان دەستی پارتییان نەگرتووە، هەر ناشتوانن دەستیان بگرن، ئەی بۆچی پارتی لە دەڤەری زەرد ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە دوای پڕانی بەشە بوودجە، ناوبەناو بانگاشەی بۆ دەکات، راناگەیەنێت؟ با ئەمە ئەزموونێك بێت بۆ هەموو لایەك، با بزانین چی دەبێت و چی روو دەدات، کێ لەگەڵیدا یە و کێ دژیەتی!؟
تۆبڵێی ٢٥ساڵیتریش هەر لە بازنەی بانگاشەی سیاسییانە و تاکتیکییانەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا بخولێینەوە!؟
دەی چاوەڕوانین!؟

١٠
پاسۆك و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان:

- پاسۆك یاساخ کردن لەکوێ و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە کوێ!؟
- کوردستانی بێ (پاسۆك)، کوردستانی بێ ڕێکخستنی نەتەوەییە.
- ئێمە دەڵێین: راستە پاسۆك بە ژمارە کەم بوو، بەڵام پاسۆك بیروباوەڕ بوو، هێزی ژیاندنەوەی هەست و هۆش و گیانی کوردایەتی و کوردستانی بوونی نەتەوەی کورد بوو.
- پاسۆك بوو پڕوای بە کۆکردنەوەی ئەندامانی زۆروبۆر و لەشکری رەش و بێبیروباوەڕ نەبوو.
- پاسۆك بوو دژی لێخۆشبوونی گشتی بوو بۆ خۆفرۆشتووان و ناپاکان و نیشتمانفرۆشان: کۆنە بەعسی و جاش و سەرجاش و موستەشار و ئەنفالچییەکان!؟
- پاسۆك بوو دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لە شاخ و شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستاندا بەرز شەکاندەوە.
- پاسۆك بوو دوای (ژێکاف و کاژیك)، بە ئاشکرا بانگی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و کوردستانی دا.
- پاسۆك بوو، فێری میللەتی کوردی کرد کە کوردیش وەك نەتەوە و کوردستانیش وەك نیشتمان، هەمان مافی نەتەوەکان و نیشتمانەکانی دیکەی جیهانی هەیە.
- پاسۆك بوو بانگی یەکێتیی نەتەوەیی کوردی دا بە گوێیی هەموو کوردانی کوردستانی گەورەدا.
- پاسۆك بوو دژی شەڕی ناوخۆ و دژی براکوژی و دژی کورد بە کورد بەکوشتدان بوو و هەرگیز هەڵگیرسێنەری شەڕی براکوژی نەبووە.
- پاسۆك بوو دروشمی (پێش ئەوەی هەر شتێك بین، دەبێت کورد بین) واتە پێش

ئەوەی سەر بە هەر لایەنێك بین، هەر ئایین و ئایینزایەکمان هەبێت، هەر بیروباوەڕێکمان هەبێت، دەبێت کورد بین.
ئێستا کاتی ئەوەیە وەك هاوبیرانی پاسۆك لە سەرانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و لە دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی کوردی بپرسین: باشتر نەبوو لەبری مۆڵەتدانی یاسایی بە هەموو ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە و کۆمەك کردن و یارمەتیدانیان، کە ئێستا بوون بە ئەژدیها لێتان و گەنجانتان بە بەرد و ئاگرەوە دەکەن بە گژدا و بارەگاکانتان دەسوتێنن، با مۆڵەتی یاساییتان بە نەتەوەییەکان بدایە تا لە بارودۆخێکی ناسك و هەستیاری وەك ئەمڕۆدا، ئارامی و ئاساییش و ئاشتیی کوردستانیان بپاراستایە!؟
بۆچی نەتەوەییەکان تاکە لایەن بن کە مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان پێنادرێت و بواریان پێ نادەن کە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیانبن، بۆچی تەنها نەتەوەییەکان بن کە مافی راگەیاندنی سەربەخۆیان نەبێت لە کەناڵی تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان!؟
بۆچی لە باشووری کوردستاندا تەنها رێکخستنی نەتەوەیی دەوڵەتخواز و سەربەخۆییخواز، هاوکاری ناکرێت و بوودجەی بۆ تەرخان ناکرێت و مافی کارکردنی یاسایی پێنادرێت!؟
کەواتە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی لەکوێ و یاساخ کردنی رێکخستنی نەتەوەیی کوردی لەکوێ!؟

١١
خەرجییەکانی شەڕی ناوخۆ و دەوڵەتی کوردی:

لە شەڕەکانی ناوخۆدا، واتە شەڕی یەکتر لەناوبردنی یەکێتی و پارتی، لێرەدا مەبەست لە هەموو شەڕەکانی رابووردوو نییە، بەڵکو هەر تەنها شەڕەکانی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦، باس دەکەین. باسی زیانە گیانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و مانەوییەکانی شەڕیش ناکەین، ئێرە شوێنی ئەوە نییە و مەبەستی ئەم کورتە نووسینەش ئەوە نییە. بە دانپیانانی یەکێتی و پارتی خۆیان، رۆژانە، بە هەموو شێوە و شێوازەکانی خەرجییەکانی شەڕەوە، یەك میلیۆن دۆلار خەرجیی شەڕەکانیان بووە، ئەو پرە پارەیە، بۆ ئەو کاتە خەیاڵی بووە، چونکە ئەو کاتە پارە هەر لای یەکێتی و پارتی هەبوو و هێشتا لێشاوی پارەی بوودجە و بازاڕی ئازاد، لە ئارادا نەبوون، شایانی باسە، بەو هەموو پارانەی خەرجیی شەڕەکان، دەتوانرا ژێربینای دەوڵەتی کوردی بۆ داهاتوو، (داهاتوو بۆ ئەوکاتە، ئێستای دەگەیاند)، بنچینەڕێژ بکرایە و وڵاتی پێ ئاوەدان بکرایەتەوە و سەدان خوێندنگە و نەخۆشخانە و کارگە و پەڕتووکخانە و باچچەی ساوایان و بنکەی فێرکاری و پەروەردەی رۆشنبیریی نەتەوەیی پێ بنیاد بنرایە، زۆر بەداخەوە، ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە ناو بەناو بۆ بانگەشەی سیاسی باس دەکرێت، هەر ئەو کاتە زیندووبەگۆڕکرا!؟
دەوڵەت دروستکردن و دەوڵەتداری، بە سەرکردە و سەرکردایەتی ئازا و دڵسۆز و ژیرمەندی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرو بە بەرنامە و پلانی درێژخایەنی ئابووریی نەتەوەیی و نیشتمانیی دروست دەکرێت، نەك بە دروشمی بێ ناوەڕۆك و

بانگەشەی تاکتیکیانە و سیاسییانەی تاکەکەسی و حیزبی!؟
هەتا ناسیۆنالیزمی کوردی سەرهەڵنەدات و نەبێتە بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی و ئابووری، هەتا نەبینە خاوەنی سەرکردە و سەرکردایەتییەکی ئازا و دڵسۆز و ژیرمەندی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر، ئاوات و ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، هەر وەکو خەون و هیوا و ئاواتی دڵسۆزانی کورد و کوردایەتی دەمێنێتەوە!؟
بەڵام با رەشبین و نائومێد نەبین، هێشتا ئێمەی کورد هەر ماوین و هەر هەین و هەر زیندووین، دەبێت بە خۆماندا بچینەوە، ناوماڵی خۆمان یەك بخەینەوە، پەند و ئامۆژگاری وانەی مێژوویی لە رابووردوومان وەربگرین، بەڵام دەبێت هێندە ئاوڕ لە ڕابووردوو بدەینەوە کە خزمەتی ئێستا و داهاتوومان بکات، کە هەموو ئەمانەمان کرد، دیسانەوە دەبێت لە سفرەوە بەرەو دەوڵەتی کوردی تێهەڵبچینەوە!؟
با بپرسین: ئایا ئێمە وەك نەتەوە، دەتوانین و لە بەرنامەماندا هەیە کە ئەوانە ئەنجام بدەین و دیسانەوە لە سفرەوە دەست پێبکەینەوە!؟

١٢
دەوڵەتی سەربەخۆ چۆن و بەچی!؟

بە میللەتێك و دەسەڵاتێك، بە چەند میلیۆنێك هاونیشتمانی و بە زۆرترین دوودجە و دەستکەوت و داهاتەوە، نەمانتوانی لە ماوەی ٢٤ ساڵدا، هەر ساڵی یەک کاتژمێر کارەبا زیاد بکەین تاوەکو ئێستا خاوەنی کارەبای بەردەوامی خۆماڵی بووینایە. ئێستا نە کارەبای بەردەوامامان هەیە، نە ئاوی خاوێنمان هەیە، نە بوودجە و مووچە و پارەی پاشەکەوتکراومان هەیە، نە ماف و نە ئازادیمان هەیە، نە لەناو خۆماندا تەبا و کۆك و یەکڕیز و یەکهەڵوێست و یەکگرتووین، نە لەشکریی نیشتمانیی یەکگرتوو و سەربەخۆ و پڕچەککراومان هەیە، نە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییمان هەیە، ئیتر باس کردن و بانگەشەکردن بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ لەم هەلومەرجە هەرە سەخت و دژوارەدا، چ سوود و مانایەکی هەیە!؟
بێگومان کێشە و مەترسییەکانی داعشی دەرەکی و ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان، داعذە ناوخۆییەکانیش لەولاوە بوەستن!؟ جارێ با کێشە ناوخۆییەکانمان چارەسەر بکەین، ئەوسا با باسی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بکەین!؟
دەوڵەت و دەوڵەتداری، میللەتی ئازا و باوەڕبەخۆبوو و هۆشیاری دەوێت، سەرکردە و سەرکردایەتیی ئازا و دڵسۆز و لێهاتوو و شایستەی خۆی دەوێت، بەڕێوەبردن و پارێزگاری لێکردن و ئابووریی سەربەخۆی خۆی دەوێت، کە ئێستا ئێمەی کوردانی باشوور هەموو ئەوانەمان نییە و لەبارمانا نین، ئیتر با لەوە زیاتر خۆمان نەخەڵەتێنین و ئەوەی ئێستا هەمانە، با ئەوەشمان لەدەست نەچێت. با هەر وەك پەندە کوردییەکە ئامۆژگاریمان دەکات: پێ بە ئەندازەی بەڕەکەی خۆمان رابکێشین!؟

١٣
دەوڵەتی کوردی هەر تەنها بە بانگاشەی سیاسی و نەوت فرۆشتن دروست ناکرێت!؟

با لە خۆمان بپرسین لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابووردوودا چیمان کردووە و دەبووایە چیمان بکردایە!؟
پێش ئەوەی هەوڵی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بدەین، دەبێت ئەم کێشە سەرەکییانەمان چارەسەر کردبن:
١- چەسپاندنی دەستوورێکی مرۆڤپەروەرانە و سەردەمییانە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، بە ئازادی و یەکسانی، لە سایەیدا هەموو مافە رەواکانیان پارێزراو بێت.
٢- دروست کردنی سوپای یەکگرتووی نیشتمانیی کوردستان.
٣- جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و دەوڵەت.
٤- یاساخ کردن و پاکتاوکردنی رەوتی ئیسلامیی سیاسی.
ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا، بە پێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف، ٥٣٠٠ مزگەوت و بە سەدان تەکییە و خانەقا و حورە و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و خوێندنگەی ئیسلامی عەرەبی هەن، بەڵام لە هەموو باشووری کوردستاندا یەك بنکەی رۆشنبیری نەتەوەیی کوردی و یەك مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردی بوونی نییە. یەك شوێن نییە کە تایبەت بێت بە لێکۆڵینەوە و نووسینەوە و ئەرشیفکردنی شۆرش و راپەڕین و بزووتنەکانی رابووردوو و مێژووی کورد و کوردستان، بەداخەوە زانکۆ و ئامۆژگا و خوێندنگەکانمان هەر وەك شوێنی خۆژیاندن و سەرچاوەی پارە پەیدا کردن و بەدەستهێنانی بڕوانامە بەکار دەهێنرێن. (هەتا ئێستایش بەتەواوی نازانرێت ژمارەی گیانبەخشیوان و بەرکەوتووەکانی چەکی کیمیایی و ئەنفالکراوەکانمان چەندن، هەتا ئێستا دامەزراو و ئەرشیفخانەیەکمان بۆ ئەو کارەسات و رووداوە نەتەوەیی و نیشتمانیانە نییە!؟) یەك دامەزراوی پێگەیاندنی کادری نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەریمان نییە. هەروەها بە هەزاران مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخوازی ئیسلامیی سیاسیی و بانگدەر و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئیسلامی و نووشتەکار و جادووگەرمان هەن، بەڵام یەك مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەرێکی بوارێکی زانستی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانمان نییە کە بەرهەمێکی لەلایەن بنکەیەکی بەناوبانگ و باوەڕپێکراوی جیهانییەوە پەسەند کرابێت و وەرگێردرابێتە سەر چەند زمانێکی زیندووی جیهانی و لەلایەن چەند زانکۆ و سەنتەرێکی زانستیی بەناوبانگ و پێشکەوتووی میللەتانی پێشکەوتوو و خاوەن شارستانێتییەوە، وەکو سەرچاوەیەکی پەسەندکراو و باوەڕپێکراو کەڵکی لێوەرگیرابێت!؟
لەماوەی ئەو ٢٥ ساڵی ئازادی و خۆبەڕیوەبەرێتی و نیوە سەربەخۆییەماندا، بەو هەموو کات و وزە و توانا مرۆیی و بوودجە و داهاتە زۆرە خەیاڵییەمانەوە، نەمانتوانی، ٢٥ فڕۆکەوان و ٢٥ دیبلۆماتکار و ٢٥ فەرماندەی سەربازیی سەردەمییانە و ٢٥ کادری سیاسیی پیشەکار و ژیرمەند و ٢٥ رۆژنامەوانی پیشەیی پێبگەیەنین!؟ لێرەدا ئەم بابەتە درێژتر ناکەینەوە، ئەم پیشە و ناوانە هەر تەنها وەك چەند نموونەیەك هێنراونەتەوە. دەکرێت باسی هەزاران پیشە و

پیشەکار و بابەتی گرنگ و پێویستی دیکە بکەین کە دەبووایە ئێستا خاوەنیان بووینایە!؟ لێرەدا باسی رووداوە دڵتەزێنەکانی یەکتری لەناوبردن و شەڕی بەرژەوەندییە ناڕەواکانیش ناکەین. باسی ئازار و ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی و لەناوبردنی هەزاران لە کچان و ژنانی بێتاوانی کورد و کوردستانیش ناکەین.
ئەگەر بمانەوێت لە داهاتوودا ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، دەبێت بەرنامە و پلانی ریالیستانەی دەوڵەت دروست کردنیمان هەبێت تا بتوانین بۆ مسۆگەرکردن و دابینکردنی هۆکارەکان و پێداویستییەکانی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەمان، هەموو پێکەوە، بە یەکگرتوویی و بە یەکهەڵوێستی،کار و خەباتی دڵسۆزانە و لێبڕاوانەی بۆ بکەین.

١٤
کۆمەڵگە بەم شێوەیە بەڕێوە نابرێت!؟

ئەم تەلاری دەسەڵاتەی باشووری کوردستان بنچینەکەی داڕزیوە، ئەگەر سەرلەنوێ بنچینەکەی دانەڕێژرێتەوە، داهاتووی هەر رووخانە.
چۆن وڵات وا بەڕێوە دەبرێت! لەماوەی ٢٥ساڵدا چەندین هەزار بازرگان و سەرمایەداری ملیاردێر و میلیۆنێر بە بێ هیچ زەمینەیەکی مێژوویی بازرگانی و بەبێ هیچ پێشینەیەکی بازرگانیی یاسایی و رەوا و دادپەروەرانە،، پەیدا ببن و بەرامبەر ئەمەش، چەند لەشکرێک لە هەژاران و بێکاران و کاسبکاران و دەستگێران و کرێچییەکان، ژیانێکی مەمرە و بژی بگوزەرێنن. مووچەی ساڵێکی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاساییش و مامۆستایان و فەرمانبەران، کە ساڵانێکی زۆرە خزمەتی میللەت دەکەن، بەرامبەر مووچەی یەک مانگی بەرپرسێکی حیزبی و بەرپرسێکی دەسەڵات و ئەندام پەڕلەمانێک بێت. مانگێک مووچە هەبێت و سێ مانگ نەبێت. بەڵام بەرپرسان و نەوەکانیان لە خۆشترین و باشترین و بەرزترین ئاستدا ژیان بگوزەرێنن!؟ئەمە تەنها هەر وەک یەک نموونە، ئەگەر بمانەوێت درێژە بە نادادپەروەرییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بدەین، دەتوانین هەزاران نموونەی دیکە ریز بکەین. ئەمڕۆ میللەت تەواو هۆشیار بووەتەوە و دەستی هەموو کەسان و لایەنە گەندەڵ و دز و تاڵانچیەکانیش ئاشکرا بووە. دڵنیابن، ئەنجامەکەی باش نابێت بە کارەسات دوای کارەسات کۆتایی دێت، زۆر بەداخەوە.
کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕانکاری بنچینەیی و چاکسازیی گشتییە لە هەموو بوارەکاندا. میللەت ماندوو و شەکەت و تووڕە و بێزارە، با ئەو پەندە بەسەر خۆماندا جێبەجێ نەبێت کە دەڵێ: جام پڕ بوو لێی دەڕژێت. جامی میللەت زۆر گەورە و ترسناکە، کە جامی میللەت پڕ بوو دەبێتە لافا و زریان و هەموو شتێک رادەماڵێت!؟
ئێستاش نەچووە بچێت، تکایە با بە هەموو لایەکمان، فریای ئەمڕۆ و داهاتووی باشووری کوردستان بکەوین.

١٥
دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە نێوان بەرداشی (مەلایی و جەلالی) دا!؟

وا دیارە، یەکی لە کێشە سەرکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان، لەسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەوە بێت کە ئەو دەوڵەتە لەسەر دەستی کێ و چ لایەنێکدا ڕابگەیەندرێت!؟
هەرچی پارتییەکانە، پێیان وایە و پڕوایان بەوەیە کە هەر پارتی و سەرۆکی پارتی دەتوانن و شایستەی ئەوەن کە ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کوردستان ڕابگەیەنن و سەرۆکی پارتیش سەرۆکی ئەو دەوڵەتە بێت!؟
هەرچی یەکێتی و گۆڕانیشە، پێیان وایە و پڕوایان بەوەیە کە نابێت و ناکرێت کە ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کوردستان لەلایەن پارتی و لەسەر دەستی سەرۆکی پارتیدا ڕابگەیەندرێت و ئەو سەرۆکی بێت!؟
هەرچی نەتەوەییەکانیشە، پێیان وایە، چ پارتی و چ یەکێتی و چ گۆڕان، یان نایانەوێت، یان ناتوانن و لەباریاندا نییە کە بە تەنها و یەك لایەنە، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنن!؟
بەڕێزان، تێگەیشتن و سەرنجی ئێوە لەسەر ئەم پرسە ئاڵۆزە چییە!؟

١٦
دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!؟

هیچ گومانی تێدا نییە کە هەموو کورد و کوردستانییەکی پاك و دڵسۆز و ئاپرۆومەند، خەو بە هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە دەبینن و بە سەر و ماڵ و گیان لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانداندان.
هەروەها، بۆ ئاگاداریی هەمووان، ساڵی ٢٠٠٥ ریفراندۆم لە باشوور کراوە، زۆرتر لە یەك میلیۆن واژۆ/ئیمزا بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کۆکراوەتەوە و ڕادەستی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کراوە. بە دڵنیاییەوە جارێکیتر ریفراندۆم پێویست نییە و ئەوەی ئێمەی کوردانی باشوور پێویستمانە و دەبێت ئەنجامی بدەین، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانە، بە ڵام مەخابن، لەم هەلومەرجە ناوخۆییەی ئەمڕۆی باشووردا، کە حیزبەکان لەگەڵ یەکتردا کۆك و تەبا نین و یەك ریز و یەکگرتوو و یەك هەڵوێست نین، چۆن بکرێت و چۆن بتوانین دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنین، لە هەموویشی گرنگتر و پێویستتر، چ سوپایەکی نیشتمانیی سەربەخۆ و یەکگرتوو و پرچەککراو، چ هێزێکی گەورەی خۆماڵی یان دەرەکی، دەتوانێت ئەو دەوڵەتەمان بۆ بپارێزێت، ئەو هێز و دەوڵەتانە کامانەن کە بە کردەوە دان دەنێن بە دەوڵەتەکەماندا، چۆن و بەچی بتوانین بەردەوام بین و بژین، کامەیە ئابووریی سەربەخۆی نیشتمانیمان، کامەیە بەرهەمی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی نیشتمانیمان، پرسە هەرە پێویست و گرنگە، دوای پاراستنی دەوڵەتەکە، چۆن و بەچی بتوانین بەردەوام بین و بژین!؟
تکایە هەر کەس و لایەنێك وەڵامی لۆژیکانە و پراکتیکانە و کردەنیی بۆ ئەو ئەگەر و پرسیارانە هەیە، با بفەرموون، دڵمان خۆش و ئاسوودە بکەن!؟

١٧
هێشتا لە دایك نەبوون!؟

هەرچەند ئاوڕ لە رابووردووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی دەدەمەوە، بە دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆشەوە، زۆرتر دەگەمە ئەو تێگەیشتن و باوەڕەی کە ئەو پارت و سەرکردە و سەرکردایەتییەی کە دەبێت دەوڵەت بۆ کورد پێکبهێنن، هێشتا لەدایك نەبوون!؟

١٨
چ کارەسات و شەرمەزارییەکە!؟

میللەتێکین، زۆرتر لە ٤٠ میلیۆنین، مێژوو دەڵێت، زۆرتر لە ٥ هەزار ساڵە لە سەر خاکی خۆمان دەژین، کەچی ئێستا لە مایەپووچیی خۆماندا، دڵمان بەوە خۆشە کە بێگانەیەك، سەرۆکی وڵاتێك ناومان بهێنێت و بشڵێت دەبێت کوردەکان بەکار بهێنین!؟
هەتا کەی هەر بێ دەوڵەت بین و بەکار بهێنرێین!؟

١٩
دەوڵەتی کوردی!؟

هێشتا رانەگەیەندراوە، کەچی یەکتری بە ناپاکی کردن بەرامبەر دەوڵەتی کوردی تۆمەتبار و تاوانبار دەکەین!؟
بانگەشەکردن بۆ ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، ئەگەر هەر بۆ بانگەشەکردن بێت و بۆ راگەیاندن نەبێت، بە دڵنیاییەوە، ئاژاوەی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە، تکایە ئەگەر دوای ٢٥ ساڵ ئازادی و خۆفەرمانڕەواییمان، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانمان پێ دروست ناکرێت، ئیتر باشترە هیچ کەس و لایەنێك باسی نەکەن و لێی گەڕێن تا دەگەینە ئەو ئاستەی کە بتوانین رایبگەیەنین!؟
پێشینانمان جوانیان فەرمووە: هەڵگرتنی بەردی زل، نیشانەی نەهاویشتنێتی!؟

٢٠
هەر یەك جار بۆ مێژوو و بۆ ئەزموون کردنی هەمووان:

فەرموون، ئەگەر ئازان و دڵسۆزن و راست دەکەن و کوردایەتی دەکەن!؟
بۆچی نابێت و ناکرێت، هەر یەك جار بۆ مێژوو و بۆ ئەزموون کردنی خۆمان و هەموو مرۆڤایەتی، پارتی و یەکێتی و گۆڕان و چەپەکان و نەتەوەییەکان، یەکڕیز و یەکهەڵوێست و بە تەبایی، بە پشتیوانیی هەموو میللەت، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باشووری کوردستان رابگەیەنن، خۆ نابێت و ناکرێت، دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، بە بەرچاوی هەموو مرۆڤایەتی و جیهانەوە، بۆیان هەبێت و بتوانن وڵاتێك وێران بکەن و زۆرتر لە پێنج میلیۆن مرۆڤی کورد کۆمەڵکوژ بکەن!؟

٢١
بێ دەوڵەتی و مایەپووچی:

ئێمە، یان زۆر سادەوسایلکە و خۆشباوەڕین، یان بە هەڵە لە حیزبایەتی و سیاسەت کردن و دەوڵەتداری و میللەت و وڵاتبەڕێوەبردن تێگەیشتووین!؟
نابێت دڵی خۆمان بەوە خۆش بکەین کە کێ دەگۆڕێت و کێ دەبێت بە سەرۆکی ئەم وڵات و ئەو وڵات، خۆ میللەتان و وڵاتانی دەوڵەتدار و خاوەندار، ئێمەی کورد نین کەسێك یان حیزبێك یان بنەماڵەیەك لە دەڤەرەکەی خۆیدا هەموو شتێك بێت و بە تاکڕەوی هەموو بڕیارێك بۆ میللەت و وڵات بدەن!؟
میللەتان و وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن شارستانێتی، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە، سەرکردە و سەرکردایەتیی و ئەنجوومەنی نیشتمانی بە یاسا هەڵبژێردراویان هەیە، دامەزراوەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی سەربەخۆ و یاساییان هەیە، خاوەنی ئازا و دڵسۆز و ژیرمەند و نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەریان هەیە، دەستوور و یاسای مرۆڤدۆستانە و پێشکوتووانەی سەردەمییانەیان هەیە و یاسا باڵادەست و سەروەرە، دادگە و دادوەران و پۆلیس و سوپا و ئاساییش و دەزگای هەواڵگیریی سەربەخۆ و یەکگرتوو و پەروەردەکراو و پڕچەککراویان هەیە، دەوڵەت بەرامبەر بە وەرگرتنی باج و گومرگ، پاراستنی ئاساییش و ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتن و خزمەتگوزارییە گشتییە پێویستییەکان بۆ هاونیشتمانیان و وڵاتەکەیانیان مسۆگەرکردووە، پاشەکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانییان هەیە، سیستمی ئابووریی سەربەخۆ و بازاڕی ئازاد و سەربەخۆ و پیشەسازی و کشتوکاڵی نیشتمانیی پێشکەوتوویان هەیە، سیستمی پەروەردە و فێرکاریی پێشکەوتوو و سەردەمیانەیان هەیە، ، بۆ هەموو کاروبارێکی دەوڵەتداری و میللەت و وڵاتبەڕێوەبردن و ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانی، کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دانراوە، واتە، هەرکەس لە شوێنی شیاوی خۆیدایە و کاڵا پڕ بە باڵایە، پێوەری هاونیشتیمانێتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری، راستگۆیی و دڵسۆزییە بەرامبەر بە میللەت و وڵات و خویندن و کار و پیشە، بیگومان سەرەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە میللەتان و وڵاتان، بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیان لەسەرو هەموو شتێکی ترەوە داناوە و حیزبایەتی و سیاسەت کردن و هەموو بیروباوەر و ئایدۆلۆژیا و ئایین و ئایینزا وچالاکییەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، گشتیان هونەر و ئامراز و هۆکاری خزمەتکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمانن!؟
شایانی باسە، کە دەستوور و یاسا سەروەر بوون، کە سیستمی کارگێری و بەڕێوەبەرێتی و خزمەتگوزاریی گشتیی هەبوو، کە هەر کەسێك بۆ خزمەت کردنی نەتەوە و نیشتمان لە شوێنی شیاوی خۆیدا بوو، کە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان لە سەرو گشت شتێکی دیکەوە بوون، ئیتر شوێن و بوارێك بۆ گەندەڵکاری و دزی و تاڵانچێتی و ناپاکی کردن لە نەتەوە و نیشتمان و بێگانەپەرستی و ململانێی ناڕەوی حیزبایەتی و تاکپەرستی و بنەماڵەسالاری و هۆزسالاری و ناوچەگەرێتی نامێنێتەوە!؟

٢٢
لە وەڵامی بەڕێزێکدا:

بەڵێ نەتەوەیەکی بێ خاوەنین!؟
دەوڵەت و سەرکردە و سەرکردایەتیی ئازا و دڵسۆز و ژیرمەندی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر، خاوەندارێتیی لە هەر نەتەوە و نیشتمانێك دەکەن، مەخابن ئێمەی کورد لەمانە بێبەریین!؟
بەڵێ بە دڵنیاییەوە نەتەوەیەکی بێ خاوەنین، ئەگەر بێ خاوەن نەبووینایە، بۆچی ڕۆژمان بەم ڕۆژە ڕەشەی ئەمڕۆ دەگەیشت!؟

٢٣
کورد و ستەملێکراویی مرۆیی و مێژوویی و نەتەوەیی:

دوای ڕووخانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی، دەوڵەتەکانی بەریتانیای گەورە و فەڕەنسا، گەورەترین ستەمی مێژویی و مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانیان لە ئیمەی کورد کردووە، بە شێوەیەك کە خۆمان و خاکەکەمانیان بەسەر چوای دەوڵەتی ناسیۆنالی ستەمکار و تاڵانچیی تورك و عەرەب و فارسدا، دابەش کردووە و هەتا ئێستاش هەر وەك کارتی فشار بەسەر دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا بەکارمان دەهێنن، با ئەو ڕاستیەش دەربڕین، خۆیشمان وەك نەتەوە، لەئاستی بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی خۆندا نەبووین و نەمانتوانی یەکگرتوویی نەتەوەیی و ئازادیی خۆمان و یەکپارچەیی نیشتمانەکەمان بپارێزین!؟
چارەسەر: ئێمەی کورد، یان دەبێت هەتاهەتایە بە ژێردەستەیی و بێ دەوڵەتی و دابەشکراوی بمێنینەوە و بەم چارەنووسە کارەساتبار و بەشمەینەتییەی خۆمان ڕازی بین، یان دەبێت هەمووومان پێکەوە بڕیارێکی ئازایانەی نەتەوەییانە بەدەین، یان هەمووومان پێکەوە بمرین، یان هەمووومان یەکبگرین و پێکەوە خۆمان لە ژێردەستەیی و بێ دەوڵەتی و بەشبەشکراوی ڕزگار بکەین!؟
ئەزموونەکانی ڕابووردوومان ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن: لە ئێستا و داهاتوودا، هەتا نەبینە خاوەنی پارتێك یان بەرەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و شۆڕشگێر و ڕزگاریخواز، هەتا سەرکردە و سەرکردایەتییەکی ئازا و دڵسۆز و ژیرمەند و لەخۆبووردووی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەرمان نەبێت، ئاستەمە بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییە ڕەواکانی خۆمان بگەین، ئەگەرچیش لەو پێناوەدا دەریایەك خوێن و فرمێسکمان بەخشیەوە، بەڵام مەخابن هەتا ئێستا نەمانتوانیوە بە ئامانجە ڕەواکانی خۆمان بگەین، بە دڵنیایەوە ئازادیی نەتەوەیی و یەکێتیی نیشتمانیمان، مافی ڕەوا و ئەرك و بەرپرسیارێتیی خۆمانە، نابێت و ناکرێت، هەتاهەتایە هەر چاوەڕوانی هەلومەرجی لەبار و بەزەیی و پشتیوانیی بێگانە بکەین!؟

٢٤
راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی:

نووسەر و بیرمەندی گەورەی کورد، مامۆستا مەسعوود محەمەد، فەرموویەتی:
هەموو کاتێك دەتوانیت بەڵێنی پارە بە خەڵك دان بدەیت، ئەگەر داواشیان لێ کردیت، دەتوانیت بڵێت: جارێ لێم راوەستن هەتا پەیدای دەکەم!؟
لە روانگەی لۆژیکی ئەم بۆچوونەوە، هەموو کوردێك بۆی هەیە و دەتوانێت بەڵێنی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە میللەتی کورد بدات، هەر کاتێکیش داوایان لێکرد و وتیان کەی رایدەگەیەنیت، دەتوانێت بڵێت: لێم راوەستن هەتا هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی لەبار دەبێت!؟
ئەرێ بەڕاست! هەلومەرج کەی لەبار دەبێت و هەتا کەی چاوەڕوانی هەلومەجی لەبار بکەین!؟

٢٥
پرسیارێکی گرنگ:

هەموو دەوڵەت و نەتەوە و نیشتمانێك، خاوەنی دامەزراوەیەکە بەناوی: (دامەزراوەی ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی) ، ئەم دامەزراوەیە لە کەسانێکی دڵسۆز و شارەزا و ئەزموونداری پێکدێت کە پێیان دەڵێن (ئامۆژگارانی ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی). با بپرسین: ئایا کامەیە ئەو دامەزراوەیەی ئێمەی کورد، یان کامانەن ئەو کەسانەی کە پێیان بڵێین ئامۆژگارانی ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد و کوردستان!؟
ئەمە بۆ ئێستا و داهاتووی کورد و کوردستان، پرسێکی پێویست و گرنگی چارەنووسسازی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

٢٦
سەرنجێك و پرسیارێك بۆ تێرامان:

ئێمەی کورد ئەمڕۆ، باجی پێکەوە نەگونجانی نەوەکانی رابووردوومان دەدەین، ئایا تاوان نییە کە نەوەکانی داهاتووشمان هەر وەکو ئێمە، باجی پێکەوە نەگونجانی ئەمڕۆی ئێمە بدەن!؟

٢٧
رەخنە گرتن، رەشبینی و نائومێدی نییە:

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و دەوڵەتداری، مافی رەوای خۆمانە، درەنگ یان زوو، هەر دەبێت دروستی بکەین.
پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، پرسی تاکە کەسێك و تاکە لایەنێك و تاکە بنەماڵەیەك یان تاکە هۆز و تاکە دەڤەرێك نییە، ئەوە پرسێکی رەوا و

چارەنووسسازی نەتەوە و نیشتمانێکە، بێگومان ئەم ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییە پیرۆزە، بێ هەڵاواردنی هیچ کەس و لایەنێك، ئەرك و فەرمان و بەرپرسیارێتیی هەموومانە، بەڵام ئازایەتی و دڵسۆزی و لێهاتوویی و لەخۆبووردوویی و تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی هەموو کوردی دەوێت.
هەروەها دەوڵەت دروستکردن توانا و مەرج و پێداویستیی تایبەتیی خۆی هەیە، مەخابن ئێمەی کوردانی باشوور، ئێستا لە تەنگەژە و بارودۆخێکی سەخت و دژواردایین و لە تواناماندا نییە و هیچ مەرجێکی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی خۆمانمان تێدا نییە...... بەڵام نابێت رەشبین و نائومێد بین، دەبێت بەردەوام لەبەرنامەماندا بێت و کاری بۆ بکەین و هەوڵی بۆ بدەین.
چ کەس و لایەنێکیش، ئێستا یان لە داهاتوودا دەیەوێت و بە کاروکردەوە لە توانایدا هەیە دەوڵەتمان بۆ دروست بکات، با بفەرمووێت، هەمووومان بە دڵ و بە گیان و بە سەرومالەوە لەگەڵیداین و پشتوپەنایین.

٢٨
دەوڵەتی کوردی بە بانگەشە و هاوارکردن دروست ناکرێت!؟

چیمان نەکرد و چیمان کرد!؟
ئێمەی کوردانی باشوور، بە هۆی بەخت و رێکەوتی مێژووەوە، دەرفەتێکی زێرینمان بۆ هاتە پێشەوە، ئەوە ٢٥ ساڵە ئازاد و نیوە سەربەخۆین و بە کردەوە خۆمان فەرمانڕەوای خۆمانین و خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین، شایانی باسە، دەکرا و دەبووایە لەبری ئەو بانگەشە و هاوارکردنانە بۆ ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، هەنگاو بە هەنگاو و بە کردەوە و بە ژیرانە، هەنگاومان بەرەو داڕشتنی بنچینەیەکی بەهێز و پتەو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بنایە، بۆ نموونە، بەو بوودجە و داهات و دەستکەوتە زۆر و زەبەندانەوە کە هاتنە دەستمان، کشتوکاڵی نیشتمانیمان ببوژاندایەتەوە و بە هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو پێشمان بخستایە، ئابووریی نەتەوەیی و نیشتمانیمان پاشەکەوت بکردایە. زۆرترین کارگەمان لە کوردستاندا دابمەزراندایە وپیشەسازیی نیشتمانیمان دروست بکردایە و پەرەمان پێبدایە، کارگەی ئامرازەکانی بەرگری و خۆپاراستنمان هاوردەی کوردستان بکردایە و شوێنی مسۆگەرمان بۆ دابینبکردایە، لەشکری یەکگرتوو و سەربەخۆ و پرچەککراومان پێکبهێنایە، لەشکرێك لە پزیشك و دەرمانساز و پەرستار و تەکنیککار و پیشەوەری جۆراوجۆری هەموو بوارەکانی ژیانمان دروستبکردایە، هەزاران هەزار مامۆستای سەردەمییانە و شارەزا و لێهاتوومان پەروەردە بکردنایە، سیستمی پەروەردە و فێرکاریمان سەردەمییانە و پێشکەوتووانە بکردایە، لەشکرێك کۆمەڵناس و دەروونناس و وەرگێر و رۆژنامەنووس و میدیاکار و کامێرازانی پیشەییمان پێبگەیاندایە، بە هەزاران هەزار لە رۆڵەکانی هەژارانی میللەتمان، بۆ پەروەردە بوون و خۆپێگەیاندن و پێگەیشتن، رەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانی خاوەن تەکنەکۆژیا و شارستانێتیی پێشکەوتووی سەردەم بکردنایە، بە سەدان فڕۆکەوان و تانکئاژوو و تەکنیککار و فەرماندەی بوارەکانی چەکسازی و سەربازیمان دروست بکردنایە، دەستوور و یاسیەکی پێشکەوتووانە و

مرۆڤدۆستانەی سەردەمییانەمان داڕێژایە و پەسەندنمان بکردنایە، ئایین و ئایینزاکان و ئاییندارییمان لە سیاسەت و دەوڵەت و دەستوور و یاسا جیابکردنایەتەوە، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادییە دیمۆکراسییەکانمان بۆ کۆمەڵگەی خۆمان دەستەبەر بکردنایە، کوردستانمان بکردایە بە بەهەشتی سەیرانگە و گەشتیاری و سەرنجی میلیۆنان گەشتیاری جیهانیمان بەلای جوانی و خاوێنی و خۆشیی وئارامیی لاتەکەماندا رابکێشایە....هتد!؟
لەبری حیزبایەتی کردن و سەرۆکپەرستی، دەبووایە ئێستا، بە سەدان بنکە و سەنتەری رۆشنبیریی و پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانییمان لە هەندارناندا دابمەزراندایە، دەیان پەڕتووکخانەی گشتی و ئەرشیفخانەی نەتەوەییمان بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیفە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان دروست بکردنایە. دەکرا سەدان نووسینگەی تایبەتیمان بۆ خزمەتکردنی پرسە رەوا نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بە مۆڵەت و پشتیوانیی یاسای ئازادانەی ئەورووپا و ئەمەریکا و کەنەدا و ئوسترالیا، بکردنایەتەوە!؟
بێگومان هەموو ئەمانە هیچیان ئەندێشە و خەیاڵپڵاو نەدەبوون ئەگەر ئێمە خاوەنی سەرکردە و سەرکردایەتی و سیاسەتمەداری ئازا و ژیرمەند و دڵسۆزی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەربووینایە!؟
سەرەنجام لە ٢٥ ساڵەی رابووردوودا‌چیمان کرد: هەموو ئەو شتانەمانکرد کە دروست بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە بوون!؟

٢٩
هەموویان هاوشێوەی یەکترین:

کورد یەك نەتەوەیە و کوردستان یەك نیشتمانە.
دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، هەر هەموویان یەك هەڵوێست و یەك ئامانجیان بەرامبەر بە کورد و کوردستان هەیە، ئامانج و هەوڵی هەموویان بۆ سڕینەوەی بوون و ناوی کورد و کوردستانە. هەڵاواردنی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لە یەکدی، لە بەرژەوەندیی کورد و کوردایەتی نییە. هیچیان دۆستی ئێمە نەبوون و نین و نابن!؟
هەر کاتێك ئێمەی کورد توانیمان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان دروست بکەین و ئەو میللەت و دەوڵەتانەی دەوروبەرمان دانیانپێدا نایین و دژمان نەوەستانەوە، ئەوسا دۆستایەتی و پێوەندیی دۆستانەی دراوسێیەتیمان، ئەرکی پێویستی هەموو لایەکمانە!؟

٣٠
ترسنۆکترین و خۆپەرسترین و بێباکترین دەسەڵاتدارانی مێژووی کورد:

ئێوە بەو هەموو چەکدار و پارە و هێز و دەسەڵات و توانایەتانەوە، بە مەلایەك و بە بانگخوازێکی بەکرێگیراو و تەعریبچی و گەوجێنەر ناوێرن، ئیتر چاکسازی و چارەسەرسازی و دەوڵەت دروستکردن و دەوڵەتداریتان چۆن پێ دەکرێت!؟
بانگخوازێکی تەعریبچی و گەوجێنەر، بە زمانی کوردی و بە ئازادانە و بە ئاشکرا،

دەڵێت: پێشمەرگە کافرە و بشکوژرێت شەهید نییە و ناچێتە بەهەشتەوە!؟
مەلایەکی مووچەخۆری باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان، بە زمانی کوردی و بە ئازادانە و بە ئاشکرا، دەڵێت: هەرکەسێك نوێژ نەکات، دەبێت بە شمشێر ملی بپەڕێندرێت!؟
سەرباری ئەوانەش، هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، بە ئاشکرا و بە ئازادانە، هاوبیروباوەڕ و سۆزداری لەشکری تێرۆریستی داعشن، کەچی هاوشانی حیزبە کوردییە دەسەڵاتدارەکان، بەشداریشن لە دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستاندا!؟
لە هەمووی سەیروسەمەرەتیریش، ناوبەناو، بۆ تاکتیك و ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی و بانگەشەی سیاسی، باسی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش دەدەن بە گوێماندا!؟
بانێکەو و چەندین هەوا!؟

٣١
پرسیارێکی چارەنووسساز!؟

تۆ بڵێی گرنگی و بایەخ و ئیشوکار و فەرمان و بەرپرسیارێتی و ستراتیژ و ئامانجی ئێمەی کورد، هەر داعش لەناوبردن بێت بۆ ئەوروپییەکان و ئەمەریکییەکان!؟
هەمووان ئاگادارین کە ناوبەناو سەرکردە و دەوڵەتمەدارەکانی وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەمەریکا سەردانی باشووری کوردستان دەکەن و بە شێوەیەکی فەڕمی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدا گفتوگۆ و دانوستاندن دەکەن، هەتا ئێرە باشە و بە دڵمانە، بەڵام با بەم بۆنەیەوە پرسیارێکی چارەنووسساز بکەین: ئایا هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی سیاسیی باشوور لە هیچ یەکێ لەو سەرکردە و دەوڵەتمەدارانەی ئەو وڵاتە دەسەڵاتدارانەیان پرسیوە کە هەر بۆ ئەزموون کردن و بۆ مێژوو، بۆچی جارێك لە جاران، پرسی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی زۆرتر لە ٤٠ میلۆن کوردی بێ دەوڵەت نابەنە ناو بەرنامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە!؟ خۆ ئەگەر سیاسییە دەسەڵاتدارەکانمان، بوێرن و بتوانن داوا و پێشنیازێکی ئاوا رەوا و چارەنووسساز ئاڕاستەی ئەو سەرکردە و دەوڵەتمەدارانەی ئەو گەورەهێزانەی جیهان بکەن، ئەوە کۆتایی دەسەڵاتەکەیان و ژیانیان نایێت!؟
بە دڵنیاییەوە هەتا ئێستا داوا و پێشنیازێکی لەو جۆرەیان نەکردووە، چونکە ئەوە پرسی رەوا و چارەنووسسازی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەتەوە و نیشتمانێکە، ناکرێت و نابێت ژێربەژێر بکرێت، دەبێت بە ئازایانە و بە ئاشکرا بکرێت و هەموو نەتەوەی کورد و هاونیشتمانییەکی کوردستان و گشت جیهانی لێ ئاگادار بکرێتەوە!؟

٣٢
پرسیارێك له خۆمان!؟

ئایا ئه‌م ساڵیش هه‌ر وه‌کو ٢٥ ساڵی رابووردوو، بانگه‌شه‌ی سیاسیانه و باسوخواسی بێ کرده‌وه‌ی راگه‌یاندن و دروست کردنی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی کوردستان ده‌که‌ینه‌وه!؟
ده‌وڵه‌ت دروست کردن، به بانگه‌شه‌ی سیاسییانه و ئاخاوتن و وتاردانی بێ کرده‌وه به‌ئه‌نجام ناگات، به‌ڵکو پلان و به‌رنامه‌ی پێویست و تایبه‌تیی خۆی ده‌وێت، با بپرسین: کامانه بوون پلان و به‌رنامه‌کانی ٢٥ ساڵی رابووردوومان، ئه‌ی ئێستا، کامانه‌ن پلان و به‌رنامه‌کانی داهاتوومان!؟
میلله‌تی ناته‌با و ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی بێ پلان و بێ به‌رنامه خۆمان!؟

٣٣
یان ده‌وڵه‌تداری یان ماڵبه‌کۆڵی!؟

هیچ نکوڵی لێکردنی ناوێت، ئێمه‌ی کورد دوای رووخانی ئیمپراتۆرێتیی ماد، ده‌سه‌ڵاتدارێتیی بابوباپیرانی هه‌ره دێرینمان، وه‌کو نه‌ته‌وه نه‌مانتوانیوه جارێکیتر خۆمان کۆبکه‌ینه‌وه و یه‌کڕیزیی خۆمان بپارێزین و وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌کی خاوه‌ن ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی خۆمان، له نیشتمانی یه‌کگرتووی خۆماندا، خۆمان وه‌ك کورد، خۆفه‌رمانڕه‌وای خۆمان بین. راسته به پچڕپچڕی، له‌م ده‌ڤه‌ر و له‌و ده‌ڤه‌ری نیشتمانی خۆمان، توانیومانه چه‌ندین میرنشینی بنه‌ماڵه ده‌ستڕۆیشتووه‌کان پێك بهێنین و بۆ ماوه‌یه‌کی دیاریکراو ئازخاد و خۆفه‌رمانڕه‌وای خۆمان بین، به‌ڵام بوونی ئه‌و میرنشینانه، به‌ره‌و یه‌کگرتوویی نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانیی نه‌بردووین و هه‌ر هه‌موویان کاتی بوون و به‌هۆی ناکۆکی و ناته‌بایی و خۆخۆری و بێگانه‌په‌رستیی خۆمانه‌وه، له‌لایه‌ن دوژمنانان و داگیرکه‌رانی کوردستانه‌وه له‌ناوبران و دووچاری کوشتوکوشتار و ماڵوێرانی و کاره‌سات دوای کاره‌سات بووینه‌ته‌وه. شایانی باسه، بۆ ئاگادار بوون له‌و میرنشینه کوردییان و ئه‌و راستییه مێژووییانه، (شه‌ره‌فنامه‌ی شه‌ره‌فخانی به‌دلیسی) یه‌کێکه له باشترین و پرواپێکراوترین سه‌رچاوه‌ی مێژووییمان.
له راستیدا له هه‌موو مێژووی دێرین و نوێماندا، ئه‌وه بارودۆخی بوون و ژیانمان بووه. واته، ئێمه به‌درێژایی مێژووی خۆمان هه‌ر خه‌رکی یاریی ماروپه‌یژه بووین. ده‌سه‌ڵاتێکی کاتیمان پێکهێناوه و پاشان رووخاوه. به کورتییه‌که‌ی، مێژووی ئێمه بریتی بووه و بریتییه له ده‌سه‌ڵاتدارێتیی کاتی، سه‌رکه‌وتن و تێکشکان، هه‌ستانه‌وه و دیسان تێکشکانه‌وه، ئه‌وه سه‌ره‌نجامی هه‌موو راپه‌ڕین و شۆڕشه یه‌ك له‌دوای یه‌که‌کانمان بووه. هه‌میشه ماوه‌یه‌ك جێگیر و ماوه‌یه‌ك ئاواره و ده‌ربه‌ده‌ر و ماڵبه‌کۆڵ بووین. نزیکترین ئه‌زموونی ئه‌و کاره‌ساتانه‌مان، تێکشکان و هه‌ره‌س هێنانی ده‌وڵه‌تی پاشایه‌تیی باشووری کوردستان و کۆماری دیمۆکراتی کوردستان و شۆڕشی ١٤ ساڵه‌ی ئه‌یلوول و پاشان تێکشکانی شۆڕشی نوێی باشووری کورستان بووه.
ئه‌مڕۆ ٢٥ ساڵه له باشوور، ده‌سه‌ڵاتدارێتییه‌کی خۆماڵیمان هه‌یه و تائه‌ندازه‌یه‌ك

سەربەخۆ و خۆفەرمانڕەواین، بەڵام بەداخەوە، ئەمیش بووە بە ئەزموونێکی شکستخواردوو و ئێستا لە لێواری تێکشکان و هەرەس هێناندایە، هەربۆیە یان دەبێت لەناو خۆمان کۆك و تبابین و یەکبگرین و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان دروست بکەین، یان دەبێت بۆ هەتاهەتایە هەر ئەزموونی تیکشکانەکان و هەرەسەکانی مێژوومان چەندینبارە بکەینەوە، کەواتە یان دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانمان هەبێت، یان بۆ هەمیشە، ناوبەناو ئاوارە و دەربەدەر وماڵبەکۆڵ بین!؟

٣٤
بێ دەوڵەتی!؟

لە جەنگەڵستانی جهانی ئەمڕۆی ململانێی نەتەوەیی و ئایینی و بەرژەوەندپەرستی و بازاڕی چەکفرۆشتندا، نەتەوەی بێ دەوڵەت، دەبێت بە تەمای پارێزراویی هیچ سەروەرییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی نەبێت!؟
تاکەی بێ دەوڵەت بین!؟

٣٥
دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان:

هەر کەس و لایەنێکی کوردی و کوردستانی، دژی دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت، هاوسەنگەری دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانە!؟

٣٦
هەر یەك جار بۆ مێژوو و بۆ ئەزموون کردنی هەمووان:

فەرموون، ئەگەر ئازان و دڵسۆزن و راست دەکەن و کوردایەتی دەکەن!؟
بۆچی نایێت و ناکرێت، هەر یەك جار بۆ مێژوو و بۆ ئەزموون کردنی خۆمان و هەموو مرۆڤایەتی، پارتی و یەکێتی و گۆڕان و چەپەکان و نەتەوەییەکان، یەکڕیز و یەکهەڵوێست و بە تەبایی، بە پشتیوانیی هەموو میللەت، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باشووری کوردستان رابگەیەنن، خۆ نایێت و ناکرێت، دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، بە بەرچاوی هەموو مرۆڤایەتی و جیهانەوە، بۆیان هەبێت و بتوانن وڵاتێك وێران بکەن و زۆرتر لە پێنج میلیۆن مرۆڤی کورد کۆمەڵکوژ بکەن!؟

٣٧
هەموویان هاوشێوەی یەکترین:

کورد یەك نەتەوەیە و کوردستان یەك نیشتمانە.
دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، هەر هەموویان یەك هەڵوێست و یەك

ئامانجیان بەرامبەر بە کورد و کوردستان هەیە، ئامانج و هەوڵی هەموویان بۆ سڕینەوەی بوون و ناوی کورد و کوردستانە. هەڵاواردنی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لە یەکدی، لە بەرژەوەندیی کورد و کوردایەتی نییە. هیچیان دۆستی ئێمە نەبوون و نین و نابن!؟
هەر کاتێك ئێمەی کورد توانیمان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان دروست بکەین و ئەو میللەت و دەوڵەتانەی دەوروبەرمان دانیانپێدا ناین و دژمان نەوەستانەوە، ئەوسا دۆستایەتی و پێوەندیی دۆستانەی دراوسێیەتیمان، ئەرکی پێویستی هەموو لایەکمانە!؟

٣٨
سیاسەت زانست و هونەرە:

سیاسەت زانست و هونەرە. هونەری هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ ئەو بپرۆکە و کاروکردەوانەی کە دەکرێن جێبەجێبکرێن، نەك هەست و سۆزی خەیاڵپلاوانە. نەك ئاخاوتنی بێ کردەوە و بێ باج، نەك هەڵسوکەوت کردنی تاکڕەوانە و دەرپڕینی رکوکینەی تاکەکەسی!؟ شایانی وتنە، پرۆسەی دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پرۆسەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و پەروەردەییە. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بە کاردانەوە و دەرپڕینی رکوکینە بەرامبەر بە ئەم کەس و ئەو لایەن دروست ناکرێت. د ەوڵەت پێکهێنان و راگەیاندن، پرسی تاکەکەسی و تاکلایەنی نییە، دۆزی رەوای نەتەوەیەك و نیشتمانێکە. دەوڵەت تەنها هەر راگەیاندنی رەها نییە، بەڵکو پێکهێنان و سەپاندنە و پاشان جێگیر کردنێتی. (ئسرائیل وەك نموونەی دەوڵەتی پێکهێنراو و سەپێنراو و جێگیرکراو لەنێوان ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی دوژمنیدا!؟) بێگومان ئەوەش بە بەرنامە و پلانی درێژخایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی بەئەنجام دەدرێت. لێرەدا ناچارین بڵێین: زۆر بەداخەوە ٢٥ساڵی ئازادی و خۆفەرمانڕەواییمان (بە دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی ناوخۆیی) و بە بێ بەرنامە و بە بێ پلانی نەتەوەیی و نیشتمانی، گوزەراند!؟ ئیتر باشرە لەبری باس کردنی  سیاسییانە و فەڕمیی راگەیاندنی دەوڵەت و وروژاندنی دوژمنان و داگیرکەران لە خۆمان، بە بەرنامە و پلانی درێژخایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەر یەکەمان لە ئاستی خۆمانەوە، بەپێی توانا و لە بواری تایبەتیی خۆماندا، کاری دڵسۆزانە و خۆنەویستانەی بۆ بکەین.
 (پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کاری تاکڕەوی و تاکلایەنی نییە و بە ئاخاوتن و بە رکوکینە و بە ململانێی ناڕەوای حیزبی و بنەماڵەیی و بە بانگەشەی سیاسی پێکناهێنرێت، پێویستە و دەبێت هەمووومان، وەك و کورد و کوردستانی، پێکەوە کاری بۆبکەین و بەرپرسیارێتیی و باجدانەکەیشی بگرینە ئەستۆی خۆمان).

٣٩
سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی:

لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا نەبووە و نییە کە سەرکردە و سەرکردایەتی حیزبی، دەوڵەتی نەتەوەییان بۆ نەتەوەکەی خۆیان دروست کردبێت!؟
دەوڵەتی نەتەوەیی، هەر بە سەرکردە و سەرکردایەتی نەتەوەیی پێکدەهێنرێت، نەك بە سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزبی.
سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی کێن و دەبێت خاوەنی چ تایبەتمەندییەکبن!؟
سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێڕانەن کە هەموو جۆرە تایبەتمەندییەکی ئازایەتی و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی و خۆنەویستیی سەرکردەییان تێدایە. ئەوانەن کە لەناو میللەتەوە سەریانهەڵداوە و هەمیشە لەناو میللەتدان و وەك میللەت دەژین و لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتدا، بەتایبەتی هەژارانی میللەتدا تێدەکۆشن، بەڵام تاکە جیاوازییەکی ئەوان و میللەت ئەوەیە کە ئەوان پێشەنگ و رێبەر و رێنیشاندەری هۆشیار و ژیرمەند و دڵسۆز و خۆتەرخانکردووی ناو میللەتن و هەموو ژیانیان هەر بۆ میللەتە.
سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی، ئەو شۆڕشگێڕە سادەوساکارانەن کە دیواری بەرزیان بەدەوری خۆیاندا دروست نەکردووە و هیچ ترسێکیان لە میللەتی خۆیان نییە و خۆیان لە میللەت جیانەکردوونەتەوە، لەناو میللەتدان و بۆ میللەتن و خزمەتکاری میللەتن.
سەرکردە و سەرکردایەتی نەتەوەیی، ئەوانەن کە مێژوویان پڕە لە پاکی و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی و لەخەبات کردن لە پێناوی میللەتدا. سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی ئەوانەن کە بە کۆشك و تەلار و باخچە و ڤێللا و کۆمپانیا و مۆڵ و هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی و باڵەخانە بەرزەکان و بە کاروانی ئۆتۆمێلی جامڕەش و پڕ لە پاسەوانی چەکداردا ناناسرێنەوە.
سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی، نابێت، بازرگان و سەرمایەدار و مافیا و گەندەڵکار و دز و تاڵانچی و ستەمکار بن!؟
زۆر بەداخەوە، ئێمەی کورد، لەسەرانسەری کوردستاندا، بێبەری بووین و بێبەریین لە سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی، هەربۆیە، هەتا ئێستا نەمانتوانیوە لەناوخۆماندا تەبا و یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بین و هاو بیر و هاوئامانی یەکتری بین، کەواتە شتێکی رێکەوت نییە کە سەدانە ساڵە میللەتێکی ژێردەستە و نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو و بێ ماف و بێئازادی و بێ دەوڵەتین!؟
بە هیوا و ئومێدی ئەوەی کە لە داهاتوودا، لەناو نەوەکانی داهاتووماندا سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەییمان تێدا هەڵبکەون و ئەوان وەکو نەوەکانی رابووردوو و وەکو ئێمە بە بێ مافی و بە بێ ئازادی بە بێ دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی نەمێننەوە!؟
چ شەرمەزاری و چ کارەساتێکی نەتەوەییە، بە چارەکە سەدەیەك ئازادی و خۆخۆبەڕێوەبردنمان، بەهۆی ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی و تاکپەرستی و بنەماڵەچێتی و خێڵچێتییەوە، نەمانتوانی یان نەمانویست، نەوەیەکی هۆشیار و

ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەر و نیشتمنپەروەر، پەروەردە بکەین تاکو ببوونایەتە هەوێنی سەرهەڵدانی سەرکردە و سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی ئازا و دڵسۆز و شۆرشگێر و لەخۆبووردوو!؟
بە هیوا و ئاواتی سەرهەڵدانی سەرکردە و سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی بۆ دابینکردن و مسۆگەرکردنی ژیان و داهاتوویەکی ئازادانە و سەرفرازانەی پڕ لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

٤٠
لە سەرەتا بنچینەییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەوە:

- نەتەوەیەك کە نیشتمانەکەی داگیر و دابەش کرابێت و ژێردەستەی ڕەگەزپەرستان و زۆرداران و تاڵانچییەکانی نەتەوە باڵادەستەکان بێت، نەتەوەیەك کە خاوەنی ئازادیی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانیی خۆی نەبێت، لەلایەن دەوڵەتانی دیکتاتۆر و زۆردار و ڕەگەزپەرستانەوە بچەوسێنرێتەوە و هەمیشە لەبەر شاڵاوی تواندنەوە و نەماندا بێت، نەتەوەیەك لەم هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا بێت، پێویستی بە هەبوونی پارتێکی شۆڕشگێڕی بەدیسپلینی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز هەیە کە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوە دابنێت و بە هیچ شێوەك هیچ سازان و ڕێکەوتنێك لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەگەڵ هیچ دوژمن و داگیرکەرێکدا نەکات. پارتێك بێت  کە خاوەنی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ و پاك و دڵسۆز و لەخۆبووردوو  بێت و هەڵگری بیروباوەڕ و پەیام و درووشمی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە و مرۆڤپەروەرانە بێت و لە هەموو ڕەگەز و ئاستەکانی کۆمەڵگەدا، لە دڵسۆزترین و هۆشیارترین و تێکۆشەرترین و کۆڵنەدەرترین ڕۆڵەکانی پێکهاتبێت و باوەڕی تەواویان بە ڕەوایی مەسەلەکەیان و بە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان و بە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان هەبێت. تەنها هەر پارتێکی لەم شێوەیە کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا هەبێت و لەسەر ئەم بنچینانە پێکهاتبێت، هەر بەم ڕێبازە ڕاست و ڕەوا و شۆڕشگێڕانەیە، دەتوانێت هەموو جەماوەر بەرەو کۆڕی تێکۆشان سەرکردایەتی بکات و بەرەو ئازادیی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانییان بەرێت و داهاتوویەکی پڕ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و ئاشتی و خۆشگوزەرانیان بۆ مسۆگەر بکات.
بە دڵنیاییەوە هەتا نەبینە خاوەنی ئەم جۆرە ڕێکخستنە سیاسییە شۆڕشگێڕە، نابێت بەتەمای پێکهێنان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بین!؟

بەختیاری شەمەیی

٢٠١٧